"وەرگێڕ: مەبەست لەم وەرگێڕانانە، هەم ئاگا کردنەوەی خوێنەری کوردە لە بیر و بۆچونە جیاوازەکانی خەلکانی وڵاتانیتر و هەم دیتنی پشتی ڕوداوەکانە و وەرگێڕانی هەر مەقالە یا مەتلەبێک، ئیلزامەن بە مانای دروست یا غەلەت، قەبوڵ یا ڕەدی بیر و بۆچونی ئەو نوسەرانە نیە! ئەگەر کەم و کوری و ئیشکالاتێکیش لە تەرجومەکەدا دەبینرێت یا بم بورن، یا تکایە لەو هەڵانە ئاگادارم کەنەوە! سپاس" rahmayub@yahoo.de



# بۆردومانی ئێران؟

نوسەر: پرۆفیسۆر جۆرج مێگڵ 18.01.2006
وەرگێڕ: ئەیوب ڕەحمانی 10.05.2007

## 2. شەڕ بەم زووانە (بەشی دووهەم و سێهەم و کۆتایی)



ڕێئاکتۆری ناوەکی بوشهری ئێران لە خەلیج.
وێنەی سەتەلایتی: Space Imagin

2.1 هەر هەمو ئەو دەلیلانەی سەرەوە دەلیلی شەڕێکن کە بەم زووانە دەست پێدەکەن. دەلیلە عومدە و ئەسڵیەکان ئەوانەن کە لە سەرەوەتر لە بەشی 1.1 باسمان لێکردن، بەڵام هێندێک لەو سەبەبانەش ئەوانەن کە ئێرانیەکان بە تەمان بە زۆر پرۆگرامە ناوەکیەکانی خۆیان بە سەر وڵاتانی جیهاندا بسەپێنن و لە لایێکی تریشەوە ئەو وڵاتە ڕەقیبانەی ئێرانن کە بە تەمان بە زۆر، نەهێشتن و ڕێگە پێنەدانی پرۆگرامە ناوەکیەکانی ئێران بە سەر جیهاندا بسەپێنن، بۆ نمونە بڕواننە دەلیلە ژێئۆپۆلیتیکیەکانی بەشی 1.2.3 کە لە سەرەوە باسمان لێکردن.
هەر کاتێ وڵاتێک دەستی بە چەکی کۆمەڵکوژی ڕاگەیشتبێت، ئەگەر بێت و هێرشی بکرێتە سەر، ڕیسکێکی ئێجگار گەورە دەبێت بۆ وڵاتی هێرشکەر، ئەگەر چی ڕەنگە هێرش کردنە سەری ئەبەدەن جێگای لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەش نەبێت. واتە لەم حاڵەتەدا هێرش کردنە سەری جێگای باس نابێت. (لەم پەیوەندەدا بڕواننە کۆریای باکور) کەواتە...

2.2 ئەگەر بێت و توانایی‌ەکانی ئێران بۆ دەست پێڕاگەیشتن بە چەکی ناوەکی بلۆکە نەکرێت، ئەو وڵاتە لە کەیەوە دەتوانێت ئەم چەکەی ببێت؟ بیر و بۆچونەکان لەم بارەوە زۆر جیاواز و دورن لە یەکتر. بە پێی سەرچاوەێک ڕەنگە ساڵەها درێژە بکێشێت. بە قسەی واشینگتۆن پۆست لە بڕواری 02.08.2005 دا لە ناوەڕاستی دیەی دوایی دا دەبێت (وەرگێڕ: واتە ساڵی 2015). بە قسەی کەسانیتر لەوانە سەرچاوە [ئیسرائیلیەکان] و بە وتەی ڕەئیسی پۆلیسی شاراوەی نیزامی ئیسرائیل و بە پێی نوسراوەێکی [شپیگڵ ئۆنلاین] لە بڕواری 06.01.2006، چوار مانگی تر دەبێت! (واتە مانگی چواری 2006؟) (وەرگێڕ: کە ڕابوردووە) کە واتە...
عەقلانیەت دەڵێت کە: ئەگەر خەتەرەێک هەڕەشە لە کەسێک دەکات، هەتاکو ئەو کەسە زیاتر ماتڵ بێت خەتەرەکە گەورەتر دەبێتەوە، کەواتە باشتر وایە کە ئەو کەسە شوێن هەدەفەکەی خۆی بکەوێت و هەر چی خێراتر شتەکە بە دەست بێنێت. و ئەگەر خەتەرەکە لە ئاخرین حەددا بێت، زۆر عاقڵانەترە کە ئەبەدەن لە سەری ڕانەوەستێت. ئێستا ئیتر لە دید و بۆچونی ئیسرائیلیەکان و ئەمریکایەکانەوە، دەست پێ ڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی کۆمەڵکوژی گەورەترین هەڕەشەیە بۆ سەریان، جا ئەم هەڕەشە ڕاستەوخۆ بێت یا خۆ لە ڕێگای گروپە تەرکیبیە تێرۆریستیەکانی سەر بە ئێران بێت، بۆ ئەوان یەکە.
2.3 بە دوا ئەم مەنتقە دا بەس یەک شت دەبیندرێت: ئەویش ئەمەیە کە ژمارەی مەعکوس لە مێژە دەستی پێکردووە. و یا هەر بەو جۆرەی کە کاتی شەڕی عێراق ڕۆژنامەێک نوسیبوی: پرۆگرامی هێرش داڕێژراوە. وادیارە هەر وایە، ئێمە دوبارە سوار هەر ئەو تەیارە پێشووەکە بوین. (وەرگێڕ: ئێمە خەریکین هەر ڕێگای پێشو دەپێوین!)

## 3. خۆ تەیار کردن بۆ شەڕ

شەڕەکان، هەر وەک هەمو جوڵانەوەێکی مرۆڤەکان، دو ڕوی هەیە. ڕوێکیان مێنتاڵە (ڕۆحی و ڕەوانی و عەقڵانی واتە مەعنەویەت) و ئەو ڕووەی تریشی فیزیکاڵ یا خۆ ماتێریالە (مادیە). ئەم دو خاڵە لە کاتی خۆ سازدان بۆ شەڕیش هەر هەون و موعتەبەرن. بڕوانە ([بە زەحمەت شانسێک بە ئاشتی دەدرێت]).
ئەم خاڵانە بۆ شەڕ لە گەڵ ئێران زۆر لە مێژە لە بەر چاو گیراون. خۆ سازدانی مادی، هەر لە نیوەی ساڵی 2005 بە دواوە تەواو بووە. خۆ تەیارکردنە مەعنەویەکەی هەر دێت و زیاتر دەبێت و ڕو لە

گەشەیە. بەشە زەڕوریە مەعنەویەکەی شەڕ بۆ خۆ ساز کردن، هەر خۆی بە خۆیەوە دەچێتە پێش و ڕو لە گەشە و زیاد بونە.

### 3.1 سەخت ئەفزاری (Hardware) شەڕ

3.1.1 هێزە نیزامیە شەڕکەرەکانی ئەمریکا، ئەوەندەی کە بۆ توانایی ڕوخاندن و لەناو بردن دەگەڕێتەوە، سەرەڕای ئەو هەمو لاوازبونەی هێزی ئینسانیەکەی (فەردیەیکەی) ئێستاکەش سەرجەم لە 10 تا 20 وڵاتی یەکەمی بە هێزی نیزامی لە جیهاندا بە هێزترە! تەنیا بە دروکاندنی بۆ نمونە چەند دوگمەی لاپتۆپێک(کۆمپیوتری چکۆلەی دەستی) لە نێبراسکا (Nebraska)، ئێتر ئێران بە مێژو دەسپێردرێت و ئەگەر هەرەشەکانی پێشوتری ئەمریکایەکان لەم بارەوە بگێرینەوە دەبێ دوایی بە ئێران بلێین: وڵاتێک لە چاخی بەردینە (وڵاتێک لە عەسری حەجەڕ)! تەنانەت ئیسرائیلیش بەو 200 بۆمبە ناوەکیەی کە ئێستا لە زەڕادخانە ئەتۆمیەکانی ئەنباری کردووە دەتوانێت لە باری تێکنیکیەوە بە بێ موشکیلە ئەم بەڵایە بەسەر ئێراندا بێنێت.
بەڵام ئەمانە مەبەست نین. هیچ نەبێ جارێ مەبەست نین. ئێستا لە حالی حازردا مەبەست بەس بەرگری کردن لە توانایە نیزامیەکانی ئێران و نەهێشتنی دەست پێڕاگەیشتنی ئەو وڵاتەیە بە چەکی کۆمەڵکوژی ناوەکی.

3.1.2 گرینگترین بەشەکانی ئەم سەنعەتی ناوەکیە لە ئێران لە ژێر عەرزدان. بۆ ئەوەی کە تەنانەت ئەم شوێنانەش بپێکرێن و لەبەین ببردرێن، چەکی تایبەتی پێویستن. ئەمانە ماوەێکی زۆرە هاتونەتە دروستکردن، ئەم بۆمبانە لە تیپی ب.ب.ب واتە (Bunker Buster Bombs) بە مانای بۆمبی دژی حەشارگەی بتونی ژێرعەرز، (وەرگێر: کە ناوەکەی ئەمەیە، BLU 109) هەر لە شەڕی ئەفغانیستان تێست کران و بە کار هێنران و لە شەڕی عێڕاقدا بە هێزتر و ڕوخێنەرتر کران.
لە ئاخرەکانی ساڵی 2004 هەتا مانگی شەشی 2005 ئیسرائیل 5000 دانە لەم بۆمبانەی (BBB ی) لە لایەن ئەمریکاوە بە دەست گەیشتوە. بڕوانە (تەعاروفی ستڕاتیژی). ئەم جۆرە بۆمبانە دەتوانن هەم بە شێوەی عادی بە کار بهێنرێن و هەم دەتوانرێت کلاوەی ناوەکی سەر بخرێت و وەک بۆمبێکی ناوەکی کەڵکیان لێوەربگیردرێت. ئەگەر بیانهەوێت نیروگاە هەرە قوڵە ژێر عەرزیەکان لە بەین بەرن، لەم حالەتەدا پێویستیان بە شێوەی دوهەم واتە بە کلاوی ناوەکیەوە هەیە. دیارە ئەوان ناچار دەبن بە بەکار هێنانی ئەم چەکە. ئەم بۆمبە نیوە ناوەکیانە، لەبەر ئەوە کە ئیزنی بەکار هێنانیان پێ بدرێت، لە نەزەر فەننیەوە ناوی چەکی دەشتی شەڕی تاکتیکیان لێنراوە(taktische Gefechtsfeldwaffen). بە چاو خشاندنێک بەم شێوەی شەڕە کە دەیانهەوێت لەگەڵ ئێراندا بیبەنە پێش، میخایل خۆسودۆفسکی بە ئاشکرا زۆر پێش وەخت شتی نوسیوە. بڕوانە (شەڕی ناوەکی دژی ئێران).
3.1.3 شەڕی ئێران وەعدەی شەڕێکی پێشکەوتوتر لە شەڕی عێڕاق و هەروەها لە شەڕی ناتۆ لە دژی یوگۆسلاوی (شەڕی کۆسۆڤۆ) لە لایەن بوشی کوڕەوە بە ئێمە دەدات. شەڕێکی بەس بە تەنیا لە ئاسمانەوە، بە مەجموعەیێک هێرشی دەقیق بۆ چەندەها شوێنی دیاری کراوی حەساس، کەواتە شەڕێکی "خاوێن": بەم جۆرە هیچکام لە هێرشکەرەکان نایەنە ناو عەرزی ئێران. کوژراوەکان؟ سروشتییە کە لە حەدی لازمدا دەبێت، بەڵام خۆ ئەو کوژراوانە هی ئێمە نین!

### 3.2 نەرم ئەفزاری (Software) شەڕ، بەشی 1 : ستراتێژی شەڕ

3.2.1 تەرح و پلانی ستراتێژی لە پشت شەڕی ئێران، ئەوانەن کە لە دەلیلەکانی شەڕ لە سەرەوە لە بەشی 1.1 باسمان لێکردن. پشوی شینی ئەمانە ئەگەر چی زۆر پێشتر لە ڕوداوی 11ی سیپتامبری 2001 ئامادە کرابو، بەڵام لە سێبەری ئەم ڕوداوە و لە یەکەمین ساڵوەگەڕی دا واتە سیپتامبری 2002 بە شێوەی ڕەسمی ڕاگەیندرا. ([ستراتێژی ئەمنیەتی نوێ](#)). ستراتێژیێک کە یەکەمین شێوە عەمەلی لە شەڕی عێڕاقدا دەبو بەدەست بێنێت. هەر بەم دەلیلەش بو کە لە ساڵی 2003 سەرسەختی ئەم ستراتێژیە نوێیە لە یەکەمین دەلیلی هێرش بۆ سەر عێڕاق واتە (عێڕاق بە دزیەوە چەکی کۆمەڵکوژی دروست دەکات) بۆ هەموان دەرکەوت.

3.2.2 مەبەستی مەرکەزی ئەم ستراتێژیە:

"Prevent Our Enemies from Threatening Us, our Allies, and Our Friends with Weapons of Mass Destruction."

واتە: "بەری هەڕەشەی دوژمنەکانمان دەگرین، نەکات ئەوان هاوپەیمانان یاخۆ دۆستانمان بە چەکی کۆمەڵکوژی لە ناو بەرن"

تکایە بە وردی بیخوێننەوە: ئەمریکایەکان دەیانهەوێت بەرگری یا مەمانەعەت بکەن لە بە کار گرتنی چەکی کۆمەڵکوژی لە لایەن دوژمنەکانیان، ئەمە خۆی شتێکی نوێ نیە، بەڵام بۆ بەرگری کردن لە بەکار گرتنی چەکی کۆمەڵکوژی، خۆشیان هەر هەڕەشەی بەکار گرتنی چەکی کۆمەڵکوژی دەکەن. ئەو نەتیجە ستراتێژیانەش کە دواتر دەخرێنە سەر لاپەڕەی کاغەز، دواتر و بەس بە تەنیا هەڕەشەی بە کار گرتنی ئەم جۆرە چەکانە لە لایەن دوژمنەوە بۆ ئەمریکا بەسە و دەلیلی تەواون بۆ هێرشی نیزامی ئەمریکا.

3.2.3 سیاسەتی ناوەکی ئێران، شتێکە لەم بابەتە. سەربەست لەوەی کە ئایا ئێران بە ڕاستی بە تەمایە چەکی کۆمەڵکوژی ناوەکی دروست بکات یا نا. (ئەم جارەش هەتاکو ئێستا هیچ سەنەد و مەدرەکێک لەم بارەوە کە ئێران ئەم چەکانە دروست بکات، نیشانی کەس نەدراوە. بەڵام هەر وەک وتم: پێم وابێت ئێران گێژ و حوڵ نەبێت.)

3.2.4 ئەم ستراتێژیانە بۆ هەر ستراتێژێک کە ئیحتماڵی هێرشی داگیرکەرانە دادەنێت، جۆرێک لە تەوجیهی حەقانیەتە. کە ئەمانە بۆ ستراتێژەکان حەقێکی تایبەت قائیل دەبێت: جەوهەری ئەسلی ئەم شەڕە بەکارگرتنی هەڵکەوتەکانە. و ئەم جۆرە هەڵکەوتانە لە ئەساسدا لە گەڵ واقیعی ئەمر لە دژایەتیدایە. {ئەگەر ئێمە بێن و هەمو دەستەکانی کراکە (جۆرێک ئاژەڵی ئاوی کە دەستی زۆرە) لێبکەینەوە، بەڵام ئێستاش هەر هەڵی ئەوەی هەیە کە دەستەکانی دوبارە دروست ببنەوە} بەم جۆرە تەنیا ڕێگای موتمەئین بۆ بەرگریکردنی کەسێک کە دەستی بە شتێک ڕانەگات ئەوەیە کە، تۆ هەر جۆرە ئیرادەی بڕیاردان و عەمەلی لێبگریت. بە کورتی واتە ئەو کەسە بێنیتە ژێر ئیرادە و کۆنترۆڵی خۆت. پێش شەرتی ستراتیژیە ئەمنیەتیە نوێکەی ئەمریکا بەم شێوە قابیلی تێگەیشتنە، واتە ئیدیعای مافی حکومەت بە سەر جیهاندا. ئەم ئیدیعایە دەبێت لە شەڕی داهاتو لە گەڵ ئێرانیشدا هەر پەیڕەوی لێ بکرێت.

## 3.3 نەرم ئەفزاری (Software) شەڕ، بەشی 2 : بون لە شەڕدا

3.3.1 ژمارەی مەعکوسی شەڕ دەڕواتە پێش. بەڵام ڕۆشتنە پێشەوە و لێدرانی ژمارەی مەعکوسی شەر خۆی لە خۆیدا بەشێک لە شەڕە. لەوانەشە گرنگترین بەشی شەڕەکە بێت. بەم پێیە شەڕی ئێران ئێستا دەست پێکراوە. هەمو عونسورەکانیتری ژمارە مەعکوس، بەشی نەفسی یا ڕەوانی بردنە پێشەوەی شەڕن.

3.3.2 تەنیا خاڵێک، کە تا ئێستا بۆردومان کردنی ئێرانی لە لەیەن ئەمریکایەکانەوە وەدوا خستوە، ئەوەیە کە ئەمریکایەکان ئێرانیان بۆ هێوەر کردنەوەی شیعەکان لە عێراق پێویستە. هەر کات ئەو هەلە بێتە پێش کە ئێران ئیتر لەم کێشەیەدا لازم نەبێت، ئەوجار ئیتر... لانی درنگ تا ئەو کات. ئەم وەدوا کەوتنی شەڕە بە لە بەر چاو گرتنی ئەوەشدا کە تۆزێک کاتی خۆ سازدانەکە درێژ دەکاتەوە، بەڵام لە جەوهەری ئەسلی شەڕ کەم ناکاتەوە.

3.3.3 لە فازی یەکەمی شەڕەکەدا، گرنگترین مەبەستی شەر ئەوە دەبێت کە بیر و بۆچون و ڕای گشتی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان و هەروەها هاوپەیمانەکانیان بۆ قەبوڵ کردنی شەڕەکە تا ئەو جێگای کە دەتوانن بەرنە سەر. و بۆ گەیشتن بەم مەبەستە سەرەکیە دەبێت ڕای گشتیەکە بەو قەناعەتە بگەینن کە هەمو هەوڵ و تەقەلاکان بۆ بەرگری کردن لەو شەڕە بێ سود بووە. بردنە سەرەوەی قەناعەتی ڕای گشتی خەڵک بۆ شەڕ، داوا دەکات کە خەڵک وا تێبگەیێندرێن، کە شەڕ ئێستا ئیتر سەرە ریگای پێگرتون و شانسی لادان لە شەڕ نەماوە. بەم پێیە، دەستپێکردنی شەڕ وەکو هەمیشە ناوی دەنرێت: هیچ ئالترناتیڤێکیتر نەماوە بێجگە لە شەڕ.

3.3.4 هەمو ئەمانە بۆ ئێمە چ مانایێکیان هەیە؟ هەروەها مەبەستم ئێوەش خوێنەری خۆشەویستە، ئەم مانایانەی خوارەوەیان لێ بەدی دەکرێت:

- هەر لە ئێستاوە و لە بنەڕەتەوە شکتان لە هەمو هەواڵێکی شەڕ بێت. گرنگ نیە ئەم هەواڵانە لە کوێوە دێن و لە کێ دەبیسترێن.
- خۆتان دور وەخەن. (ئەمە بە بێ تەمرین و ممارەسە ناکرێت)
- خۆتان لە هەر شەڕێکی عەسەبی (هیستری) دورڕابگرن. لە پێش هەمو ئەمانەوە دەبێت:
- هەرکاتێک تلویزیۆنەکەتان پرۆگرامێکی دراماتیکی شەڕی خستە سەر، خێرا بیکوژێننەوە.
- باشتر وایە لەم کاتانەدا کتێبێکی مێژو بخوێننەوە، یا لانی کەم برۆن سەیری ویدیۆیێک لە کاتەکانی پێش شەڕی عێراق (مارسی 2003) بکەن. (ئەگەر مێدیاکان بەڕاستی بیانویستبایە واقیعی شەڕمان بۆ باس بکەن، با بێن و بە شێوەیێکی مونەزەم ئەو کاتانەمان وەبیر بێننەوە!)
- درۆکانی ئەو کاتیان لە گەڵ داواکاری و پاڕانەوەکانی ئەمرۆ و سبەینێیان بخەنە پاڵ یەک.
- ئەگەر ئێوە ئێستا ڕونکردنەوەکانی ئەوان بۆ یەکەم جار دەبیستن، ئەوەی ئەوان دەیڵێن، ئێوە عەکسی قەزیەکە ببیسن. تاقی بکەنەوە! ( دوابەدوا هێندێک ڕادەچڵەکێن، بەڵام دوای چەند حەوتویێک بۆتان عادی دەبێتەوە.)

3.3.5 ئەگەر وا بوایە، ئێستا ئێمە دەمان زانی چ شتێک چاوەڕێمان دەکات. لازم ناکات پیاو ساحڕ بێت بۆ ئەوەی کە بتوانێت داهاتو بخوێنیتەوە، لە بەر ئەوەی کە پێشداهاتی ئەم شەڕەش ڕیک هەر ئەوانەن کە لە شەڕەکانی پێشوتردا باسیان دەکردن.

**لە سەر سەحنەی سیاسی**

A. هەڕەشە لە ڕێگای شۆڕای ئەمنیەتەوە. لێکدانەوەی ئەوەی کە ئەم هەڕەشە چەندە دەتوانێت کاریگەر بێت. لە سەر ئەندامانی شۆڕای ئەمنیەت لەم بارەوە کار کراوە یا خۆ نەکراوە! (بۆ هۆگرانی ئەم بابەتە، لە ئێستا بە دواوە ئەم پرسیارە سرنجراکێشە دێتە پێش: ئایا لە ناو ئەندامانی شۆڕای ئەمنیەت، وڵاتێک پەیدا دەبێت کە چونە پێشەوەی

کاری شۆڕا ڤیتۆ بکات یا نەخەیر؟ من شەرت دەبەستم کە وڵاتی چین ئەم کارە ڤیتۆ دەکات. بڕوانە سەرەوە خاڵی 1.2.3)

B. X کەڕەت دوپات بونەوەی خاڵی A لە لایەن چەند وڵاتەوە.

C. لە حاڵەتی دەرکردنی قەتعنامەیێک لە لایەن شۆڕای ئەمنیەتەوە، قەتعنامەکە بە نیسبەت هەمەلایەنە دەبێت. (ئەگەر ڤیتۆ بکرێت، بڕوانە خاڵی E.)

D. ئیحتیماڵی دوپات بونەوەی خاڵی C بە قەتعنامەیێکی توند و تیژتر.

D.1 هەڕەشە بە زیاد کردن و خستنە سەری حەسار دژی ئێران

D.2 تەسویبی ئۆلتیماتۆمێک (ئیحتیماڵەن دانێک کە بە زەمانەت قابلی ئیجرا نەبێت).

D.3 مەبەستی نیهایی: یاسایی کردنی هێڕشی نیزامی.

E. ئەگەر خاڵی C و D ڤیتۆ بکرێت، بەو حاڵەش هەر هێڕش دەکرێت، بە عەلاوەی خۆ وەکیل کردن بە شێوەی دەعوەت بە مەئموریەتێکی باڵاتر لە یاسا بە ناوی حاڵەتی ئیزتیراری بۆ ئەمریکا!

مێدیاکان چەند حەوتویێک پێش دەستپێکردنی شەڕ، زۆربەی کات و ساتەکانیان بە شەڕەوە دەبەنە سەر. (ژۆرنالیستە زیرەکەکان ڕاپۆرتەکانی دواتریان هەر ئێستاکە ئامادە کردووە.) باڵاترین ڕەوشت بۆ دروستکردنی ڕاپۆرتییی باش بۆ ئەم کاتانە، گرنگترین پرسیار، لە خاڵی D وە دەبێ ئەمە بێت: کەی یاریە گەورەکە بە ڕاستی دەست پێدەکات؟

مێدیاکان پێش لە دەست پێ کردنی یاریەکە، بە شێوەیێکی سەیر و عەجایب، دڵەڕاوکەی دەستپێکردنی شەڕ ئەوەندەی تر دەبەنە سەر. ئەگەر بێت و لەو کاتانەدا لە پڕ شەڕەکە بخەوێت و سەر نەگرێت، هەمو مێدیاکان فسیان دەنیشێتەوە و خەڵک دەخەنە بێ باوەڕییێکی عەجایبەوە.

پێت وایە ئەمەی من دەیڵێم توند و بێشەرمانەیە؟ نا وا نیە، دەقیقەن لە مانگی فێڤریە و مارسی 2003 هەر وای لێ هات. سێناریۆ و سەحنەسازی بۆ شەڕ ئەو کات تەواو بو. و ئەگەر ئێمە لەوانە شتێک فێر نەبوبێتین، بەڵام ڕێژیسۆرەکانی شەڕ زۆر شت فێر بون. و مێدیاکان ئەمجاریش ئەوەی لە توانایاندا بێت بە باشترین شێوە دەیکەن.

بەشی تەکمیلی

زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە ئێستاش باوەڕیان بە دەسپێکردنی شەڕ لە گەڵ ئێران نیە، بەم قەناعەتە گەیشتون کە، ئەمریکایەکان بە بۆنەی مانەوە و دۆڕاندنیان لە عێڕاق، توانایی بردنە پێشی شەڕێکی تریان ئێستا هاوکات لە گەڵ ئێران نیە. بەڵام ئەم دەلیلانە بە داخەوە چەند خاڵی لاوازی تێدایە:

- هێزە شەڕکەرە زەخیرەکانی ئەمریکا هێشتا بە هیچ جۆرێک بێهێز و لاواز نین. بە تایبەت گرنگترین هێزی داندراو بۆ هێرش بۆ سەر ئێران، واتە هێزی ئاسمانی، ئەوانەی کە بەس شەڕی ئاسمانی "خاوێن" دەکەن، لە حاڵی حازردا بە هیچ شێوەیێک قورساییان لە سەر نیە.
- بوش، چێنی و ئەوانیتر، لە باسی شەڕی جیهانی دژی تێرۆر و هەر وەها لە عێڕاقیش، هەروا لە سەر، (ئامادە بونی ئێمە بۆ باوەڕ کردن بە) سەرکەوتنی نیهایی حیساب دەکەن.
- ئەم بردنەوە بەڵام، بە بێ وەستاندنی، پەرە پێدانی دروستکردنی چەکی ناوەکی لە لایەن ئێرانەوە، مسوەگەر نابێت. و لە ئاخردا:

- بەڕێوەبەرانی ئەمریکا نە نرخی شەڕەکە و نە ژیانی ئەو مرۆڤانەی کە لەم شەڕەدا گیانیان لە دەست دەدەن، بۆیان زەرەڕێک گرنگ نیە. هەروەها هاتنە خوارەوەی ڕادەی خۆشەویستی خۆشیان لە ناو خەڵکی جیهاندا بۆیان گرنگ نیە. باشترین دەوا دژی ئەم زەرەرەی کە دەیکەن یەک شتە: ئەویش شەڕێکی نوێیە.
- ئەمەش بۆوان لازمە، لە بەر ئەوە کە هێژمۆنی بونی هێزی سەرەکی نیزامی خۆیان دوبارە بە سەر هەموان بسەپێنن. دۆڕاندنیان لە عێڕاق دەبێت جوبران بکەنەوە. هاوکات چاویان لە وڵاتە ئیسلامیەکانی تریشە.

کە واتە: ئەوەی کە لە پێش شەڕی عێڕاق دەیان کوت هاتۆتە دی: ویستگەی دواتر- ئێرانە!

**کورتەێک لە سەر نوسەر:** پرۆفیسۆر جۆرج مێگڵ، پرۆفیسۆری فەلسەفەیە لە دانشگای لایپتزیگی ئاڵمان. ئەو بابەتانەی کە ناوبراو زۆرتر گرینگی و قورساییان دەخاتە سەر بریتین لە: ئیرتیبات و مەعاشیرەت، جیهانگەرایی بەکۆمەڵ و تێرۆریزم.

سەرچاوە: http://www.heise.de/tp/r4/artikel/21/21802/1.html